وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێشبینی باران بارین لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکات

بەشی کەش و هەوا لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان، پێشبینی 24 کاتژمێری داهاتووی بڵاوکردەوە، کە ئاماژە بە باران بارین دەکات لە هەندێک ناوچەدا.

لە بڵاوکراوەی بەشی کێشوهەوای وەزارەتی گواستنەوە ئەمڕۆ شەممە (20ـی نیسانی 2024) هاتووە، سبەی یەکشەممە، ئاسمان نیمچەهەور و هەوری تەواو دەبێت و لە هەندێ کات و شوێن نمبارانی پچڕ پچڕ دەبێت، هەندێک جاریش تاوێ باران و هەورەتریشقەی لێدا دەبێت، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان و ناوچەکانی ژێرهەژاتی هەرێم.

ئاماژە بەوەشکراوە، پلەکانی گەرما 3-5 پلەی سیلیزی بەراورد بە تەمارکراوی ئەمڕۆ نزم دەبنەوە، هەروەها خێرایی با مامناوەند دەبێت بە 20-10 کم/ک ئاراستەی با لە باکووری خۆرئاوا دەبێت و بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی بەمشێوەیە دێت: هەولێر 28 پلەی سیلیزی و سلێمانی 25 پلە، دهۆک و زاخۆ 26 پلە، کەرکوک 29 هەڵەبجە 27 پلە، سەران 24 و لە حاجی ئەمران 16 پلەی سیلیزی دەبێت.